# یادی 8 مارس (ئازار ) رۆژی جیهانی ژن و مێژووی به رەسمی بوونی 8 مارس



ئامادەکردن و وەرگێرانی
مەحموود محەمەد عوسمان-هۆلەندا

بەرز و بەرێز بێت یادی 8 مارس رۆژی جیهانی ژنان

8مارس (ئازار ) رۆژی ژنان . رۆژی ئەوانەی کە بەدرێژای مێژوو چەوسانەتەوە . رۆژی هاتنە مەیدانی ژنانی ئازادیخواز و یەکسانیخواز و هەموو ژنانی دونیابە , رۆژی پشتگیری خەلکی زەحمەتکێش و کرێکارانە لە رۆژی جیهانی ژن .کە بزووتنەوەیەکی یەکسانیخوازە وە بەبێ هاوپشتی لەگەل چینی کرێکار و سۆسیالیستەکان مەحالە بگەنە یەکسانی تەواو .

ئەم رۆژە پیرۆزبێ لە هەموو ژنانی دونیا . یادی ئەو ئینسانانەیە کە لەسەردەمێک لە سەردەمەکان دەسەلات و پلە و پایە کۆمەلگا لە ژێر دەسەلاتی ئەوان بوو . یادی ئەو ئینسانەیە کە پێشکەووتنی گەلان بە پێشکەوتنی و ئازادی و هاتنە مەیدانی ژنان پێوانە ئەکرێ .

یادی مێژووی سەرهەلدان و هاتنە مەیدانی ژنای سۆسیالست

**1857 نیورک**

لەبەر ئەوەی کە زۆربەی کرێکارانی چنین لە ژنان بوو لە ئەمریکا . بۆیە رۆلی بەرچاویان هەبوو لە خۆپیشاندانەکاندا . لە سالی 1857 یەکەم خۆپیشاندانی ژنانی کرێکار لە شاری نیۆرک . ژنانی کرێکارانی چنین رژانە سەر شەقامەکان دژ بە دژواری بارودۆخی کارکردن و دژ بەوەی کە 12 کاتژمێر کار ئەکەن بەلام ئەوکرێیەی کە وەری ئەگرن زۆر کەمە . پۆلیس بەدرەندەترین شێوە ئەم خۆپیشاندانەی سەرکووت کرد . بەلام ئەم خۆپیشاندانە بووە هۆی درووست کردنی یەکەم سەندیکای ژنان بۆ ژنانی کرێکاری چنین لە ئەمریکا . بەلام ئەم سەندیکایە هەلوێستێکی سۆسیالستی لە خۆ نەبینی . تەنها هەلوێستێکی تایبەت بوو بە ژنانەوە . بە پێچەوانەی ئۆروپا .

**1892 ئەلمانیا**

لە ئەلمانیا و نەمسا بزووتنەوەی ژنان هەر لە سەرەتاوە لە ژێر کاریگەری پارتی سۆسیال دیموکراتی بوو کە گۆڤارێکیان دەر ئەکرد بەناوی ( یەکسانی ) لە 1892 وە کلارا زیتکین (1857 _1933 ) دەری ئەهێنا وە زۆرێک لە رابەرانی ژنانی سۆسیالست کاریان ئەکرد بۆ مافی ژنان . وە ئەم رابەرانە خەباتێکی بێوێنەیان کرد بۆ رەزامەندکردنی پارتە سۆسیالستەکانی ئۆروپا کە ژنان رێکبخەن لە رێکخراوێکی رادیکال کە جیاواز بێت لەو رێکخراوانە کە تەنها داواکاریەکانی ژنانیان لە قالب داوە تەنها بۆ مافی دەنگدان . ئەم بزووتنەوەیە بووە بنەرەتێک بۆ بەستنەوەی بزووتنەوەی ژنان بە خەباتێکی فراوانتر وە لەگەل بەشەکانی تری کۆمەلگا لە پێناوی کۆمەلگایەکی باشتر کە یەکسانی و دادپەروەری کۆمەلایەتی بەدی بێت . وە خەباتی رۆزا لیکسمبۆرغ لەم میداندا دەر ئەکەوێ .

**1907 / شتوتگارت**

یەکەم کۆنفراسی ژنانی سۆسیالیستی نێودەولەتی .

له نێونەتەوەیی دووەم ( رێکخراوێکی نیودەولەتی کرێکارانی سۆسیالستە لەگەل هاوپشتی نیونەتەوەیی ) لە سالی 1889 لە پاریس بەسترا . کلارا زیتکین ئامادە بوو وەک نوێنەری پارتی سۆسیالیستی ئەلمانی . کلارا روونی کردەوە کە سۆسیالیزم بە بێ ژنان نایەتەدی وە مەحالە . بۆیە ووتی ئەبێ پیاوانیش شان بە شانی ژنان خەبات بکەن لە پێناوی مافی تەواوی ژنان . وە لە وولاتی خۆیدا خەبات ئەکات لە پێناوی مافی ژنان کە بەشێکی جیانەکراوەیە لە خەباتی چینایەتی . چەندین سال گۆڤاری ژنانی سۆسیالیستی دەرئەهێنا بەناو ( یەکسانی ) . هەروەها بانگی ئەوەی ئەکرد ئەبێ ژنان لەناو پارتە سۆسیالیستەکاندا دەسەلات و ئۆتۆرییتەی خۆیان بەکار بهێنن بۆ چەسپاندنی مافی ژنان . لەسەر داواکاری ئەم لە 1906 ژنانی سۆسیالیستی ولاتە گەورەکانی ئۆروپا کۆبوونەوە لە مانهایم بۆ ئەوەی کۆبوونەوەیەکی نێونەتەوەی ئامادەبکەن . بریاریاندا کە لە 1907 لە ئشتوتگارد کۆنگرەی نێونەتەوی ژنان ببەستن .چونکە رۆژێ دوای ئەمە بریار لەسەر بەستنی کۆنگرەی نێونەتەویی دووەم ئەدرێ , بۆێە ئەمان پێشنیارێکیان دا بە نێونەتەوەی دووەم کەوا چۆن خەبات ئەکرێ لە پێناوی مافی پیاوان لە دەنگدان ئەبێ ئیجباری بێ بۆ خەباتکردن بۆ ژنانیش وە ئەم پێشنیارە پەسەند کرا .

## 1908 / نیۆرک

دوای 50 سال بەسەر یەکەم خۆپیشاندانا رۆژی 8 مارس 1908 زیاتر لە 15 هەزار ژنانی کرێکاری کارگەی نەسیج خۆپیشاندانیان کرد لە نیۆرک . داوای باشکردنی هەل و مەرجی کاریان ئەکرد وە مافی ژنان لە هەلبژاردنا وە کۆتای هێنان بە کاری منالان . وە دروشمیان ئەوە بوو ( نان و گول ) وە ئەو کاتەی کە رێکخراوە سۆسیالستەکان لە ولاتە یەکگرتووەکان مافی دەنگدانیان بۆ ژنان پەسەند کرد . ئیتر توانیان رابەرایەتی هاوپەیمانی رێکخراوە ژنانەکاندا بکەن . وە هاوپەیمانێتی بریاریدا کە یەکشەممەی کۆتایی مانگی فەبروەری ( شبا ط ) ئاهەنگ بگێرن بۆ رۆژی جیهانی ژنان .

## 1909

20 بۆ 30 هەزار ژنانی کرێکارانی چنین مانیانگرد لە نیۆرک بۆ ماوەی 13 هەفتە لە زستاندا . داوای باشکردنی بارودۆخی کارکردنیان و بەرزکردنی کرێیان ئەکرد . وەبە گەورەترین مانگردن ئەژمێرێ لەو سەردەمە . وە ژنانی کرێکار توانیان بێنە سەر شەقامەکان و بلاوکراوەی سۆسیالیستەکانیان ( بانگەوازی نیۆرک ) یان ئەفرۆشت وە پارەی ئەو رۆژنامەی وەک یارمەتی ئەدران بەژنان بۆ بەردەوام بوون . وە هەروەها یەکێتی سەندیکاکانی ژنان توانیان پارە پاشکەوتبکەن بۆ ئەوەی ئەو ژنانە ئازادکەن کە زندانیکرابوون وە بۆ یارمەتی مانگردنەکەیش .

هەروەها لە ئەمریکا لەو ماوەیەدا بزووتنەوەی ژنان سەر بە چینێ مامناوەندی سەری هەلدا وەخوازیاری ئەوە بوون کە ژنان بەشداری بکات لە ژیانی سیاسیدا .وە یەکەمیان مافی هەلبژاردن . وە ناوی ئەم بزووتنەویە ( سۆفراجیستس ) بوو . وە رەگی ئەم بزووتنەوەیە ئەگەرێتەوە بۆ خەبات دژ بەکۆیلایەتی وە لە پێناوی مافی ئەفرقییە ئەمریکییەکان بۆ یەکسانی بوو . وە ئەو کاتە ئەو ژنانە کە ویستیان قسەو باس بکەن دەربارەی مافی ئەفریقییەکان. دژیان وەستان وە دەسەلاتداران ماوەیان نەدا کە خیتابەکانیان بلێن لەبەر ئەوەی ژنن . بۆیە ئەمانیش دەستیانکرد بە درووستکردنی بزووتنەوەی ژنان لە پێناوی مافی خۆیان .

وەیەکەم رۆژ کە یادی رۆژی جیهانی ژن کرایەوە ئاهەنگیان گێرا لە 23-2-1909 بە سەرکەووتنێکی گەورە تۆمارکرا . وە خۆپیشاندانی گەورە کرا لە شارە گەورەکانی ئەمریکا بەبەژداری ژنانی سەر بەچینی کرێکار وەهەروەها ژنانی چینی مامناوەندی , سۆشیالیزم و وە غەیرە سۆشیالیزمی .وە لەنێو بەژدارییووانەدا لە فیستیفالەکاندا لەنیۆرک زۆر لە کەسایەتی ژن دەرکەووتن وەک لینورا ئۆرایلی کە رۆلی بەرچاوی هەبوو لەرێکخستنی سەندیکای ژناندا .

## 1910 / کۆبنهاگن

دووەم کونگرەی ژنانی سۆسیالیزمی نێودەولەتی لە کۆبنهاگن . لەبەر ئەوەی رۆژی جیهانی ژن لەئەمریکا بەسەرکەوتن بەرێوە چوو . بۆیە بارودۆخ لەبار بوو بۆ بریاردان لەسەر رۆژی ژنان . وە بزووتنەوەی سۆسیالیستیش لەگەشەکردندا بوو هەرچەندە بە پراکتیک پارتە سۆسیالیستەکان مافی ژنانیان بۆ دەنگدان پەیرەو نە ئەکرد . وە زیاتر لە 100 ژن لە 17 وولاتەوە بەشداریانکرد

که نوێنەری سەندیکای ژنان و پارتەسۆسیالیستەکان و یانەی ژنانی کرێکار وەهەروەها  نوێنەری ژنانی هۆلندا وە  یەکەم سێ ژنی پەرلەمانتار لە فنلندا . لە کۆنگرەدا گفت وگۆ لەسەر مافی هەلبژاردن کرا کە لە ئەلمانیا بواری پێدرابوو بە پێ چینایەتی . وە یاسا لە ئەلمانیا بەشداری کردنی ژنانی قەدەغەئەکرد لە چالاکیە سیاسیەکاندا نەک تەنها مافی هەلبژاردن . وە دوای مشت ومرێک لە کۆنگرەکە هەموویان لەسەر خەتی کلارا زیتکین رێکەوتن  کە بەتووندی دژ بە مافی هەلبژاردنی کەرتی ( جزئی) بوو وە داوایکرد مافی دەنگدان بۆ هەموو . وە ئەم هەلوێستە بووە هۆی لەتبوونی رێکخستنی ژنانی بەریتانیا کە هەلبژاردنی کەرتیان بە رێگەیەکی درووست ئەزانی . وە روونم کردەوە کە ئەم هەلوێستە زیتکین لە کۆنگرەی سالی 1906 باسی لێکردبوو . چونکە مافی دنگدانی کەرتی ( جزئی ) ئامرازێکە بۆ پاراستنی بەرژەوەندی  چینی دەولەمەند کە دەسەلاتیان هەبوو . چونکە ژنانی چینی دەسەلاتدار ئەمە بەکار ئەهێنن بۆدژایەتی چینی کرێکار وە دژ بە بە ژنانی هەژاریش . وە کۆنگرەکە بانگەوازی هەرچی ژنانی سۆسیالیست کرد بۆ ئاهەنگگێران بە بۆنەی رۆژی جیهانی ژنانەوە  . وە زیتکین داوای کرد کە ناوەرۆکێکی نێونەتەوەیی هەبێ .بەراستی لەو رۆژە ژنانی کرێکار بەژدارییان کرد وە ژنانی مالیش کە زۆر دووریشبوون لە سیاسەتەوە . وە لەم رۆژەدا کۆبوونەوە و میتنگ و رێپێوان بوو وە بلاوکراوە بەزۆری بەرچاو ئەکەوت . تەنانەت لە دیهاتە دوورەکانی ئەلمانیا و نەمسا ودانیمارک و سویسرا ئاهەنگیان ئەگێرا . وە زۆرترین کۆبوونەوە گەشتە 30 هەزار کەس . کە هیجکات پێشبینی نەئەکرا . بۆ یەکەم کەرەت پیاوان لەمالەوە مانەوە لای منالەکان . بەلام ژنانی کرێکار و ژنانی مال لەشوینی ووتارخوێندنەوە بوون بۆ قسەوباس وەک کۆلینتای ئاماژەی بەوە کرد . وە ئەم کۆنگرەیە   بریاریدا کە هەموو سالێ یاد و ئاهەنگ بگێرن بۆ رۆژی ژنان . ( بەلام بریاریان نەدا چی رۆژێک بێت . )

## 1911

بۆ یەکەم جار یادی رۆژی جیهانی ژن کرایەوە لە جەند وولاتێکی جیاوازدا وەک ئەلمانیا . نەمسا . دانیمارک . سویسرا . وە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا  . و لە رۆژانی جیاجیا  .

لە 25 مارسی( ئازار ) 1911 کە دوو سال دوای ئاهەنگی رۆژی جیهانی ژنان . ئاگرێکی گەورە بەربووە کارگەی چنینی نیێورک لە ئەنجامدا بووە هۆی لەدەستدانی گیانی 140 کرێکاری ژن وە هوی ئەم ئاگرەیش ئەوە بوو نەبوونی هۆی پاراستن لەشوێنی کاریان بەگوێرەی پێویست  . وە بۆ ناشتنی تەرمەکان 100 هەزار هاوولاتی بەشداریانکرد .

## 1912 / هۆلەندا

رۆژی جیهانی ژنان بۆ یەکەم جار یادکرایەوە وە ئاهەنگیان بەست لە هۆلندا لە رۆژی 12 مەی ( ئایار ) وە یەکەم سال 18 شار بەشداری کرد پاش یەکسال ئەی لە 1913 بووە 30 شار وە لە سالی 1914 بووە 62 شار بەشداریکرد. وە هەندێ داواکاری تریان بەرزئەکردەوە لە هۆلەندا وەک بیمەی دایکایەتی وە بیمەی ئیشی ناو مال .

## 1914

هەزارەها خۆپیشاندانیانکرد دژ  بە هەرەشەکانی شەر  لە ئەلمانیا وە دژ بە دەستگیرکردنی رۆزا لیکسمبۆرغ . وە رۆلی بەرچاوی ژنانی سۆسیالست دەرئەکەوت لەو سالەندا کە دژ بە شەر . چونکە ئەیانزانی کە ژنان یەکەم قوربانی شەر ئەبن .

## 1917

### ئستاپیتەرسبۆرغ

کرێکارانی نەسیج مانیان گرد بۆ یەکەم جار لە 8 مارسدا لە ژێر رابەرایەتی ئەلکسەندەر کۆلۆنتای دژ بە هەلومەرجی نالەباری کاردا .کە سەدان هەزار ژن خۆپیشاندانیان کرد  وە هاتنە مەیدانی سیاسی کە لەدەستی نەخوێنەواری و چەوساندنەوە ئەیانالاند

وه له كۆمەلگا دووركخرابوونەوە كە هيچ رۆليەكيان نەبوو . وه بەشێوەيەكى بوێرى دژ بە شەر وە دژ بە رژێمى قەيسەرى داپلۆسەنێەر هاتنە مەيدان .

و داواكاريەكانيان له پال داواكارى چينايەتييەكاندا بەرزئەكردەوە .وە ئەم دروژمانەيشيان بەرز كردبووەوە . ( نان بۆ منالەكانمان و گەرانەوەى هاوسەركانمان لە بەرەى جەنگ . ) چونكە شەر لە بەرژەوەندى ئەوان نەبوو وە رۆژانەيش چاوەروانى مەرگى هاوسەر و برا و كوريان ئەكرد . وه بەهۆى شەرەوە خەلكى دووچارى گرانى و نەبوونى سووتەمەنى كردبوو . بەتايبەتى بەوزستانەساردەى روسيا . وه دەيان هۆى تر . ئەم خۆپيشاندانە رێگە خۆشكەرێك بوو بۆ شۆرشى ئوكتۆبەرى مەزن . وه بە سەركەوتنى شۆرشى ئوكتۆبەر مەسەلەى ژنان رێگە و چێگەيەكى ترى بە خۆ بينى . وه مەسەلەى ژنانى لە ئەستۆ گرد هەوليدا بۆ جێبەجێكردنى يەكسانى بە تەواوەتى . وه بۆ يەكەم جار لە مێژوودا ئەليكسەندرا كۆلۆنتاى كرا بەوەزير وەك يەكەم ئافرەت كە رابەرايەتى ژنانى ئازادى خوازى ئەكرد .

**1921**

بەبۆنەى يادى خۆپيشاندانەكەى ئستا پێترسبۆرغ له 1917 سكرتارييەتى جيهانى ژن له كۆمەنيستى نێودەولەتى سێيەمدا بريارياندا كە رۆژێك دەستنيشان بكەن بۆ رۆژى جيهانى ژنان . وه 8 مارسيان هەلبژارد . وه لە هەندى سەرچاوە هاتووە ( بەتايبەتى ئەرەبى ) گوايە لە سالى 1913 رۆژى 8 مارس دەستنيشانكرا وەك رۆژى جيهانى ژنان . بەلام من پێموايە هەر ئەم سالە راستە واتا لە 1921 بريارى لەسەردرا .

**1922**

لەم رۆژەوە 8 مارس بووە رۆژى جيهانى ژن .وە تەنها لەلايەن كۆمەنيستەكانەوە ياد ئەكرايەوە وە پەيوەست بوو بە بزووتنەوەى كرێكاريش

**1975**

لەئەم سالەوە رۆژى جيهانى ژنان بەتەنها سۆسيالستەكان و كۆمەنيستەكان ياديان نەئەكردەوە بگرە بووە رۆژى جيهانى ژنان لەلايەنى يانەى ژنانى تريشەوە .

**1978**

نەتەوە يەكگرتووەكان لەم سالەدا برياريدا كە ئيتر 8 مارس وەك رۆژى جيهانى ژن بەرەسمى بناسرێ .

زۆر سايت و رۆژنامەكانم بەكار هێنا بەلام 3 سەرچاوەى سەركيشم بەكار هێنا

1_ يوم المرأة العالمي تاريخ و جذور ( ميخال شفاتيس )

IIAV_ Vrouwendag _8 maart2

Internationale Vrouwendag _ 8 maart −3